## ناوچەی گەرمیان : (( کەرکوک و دەوروبەری ))

بریتیە لە (( ناوچەکانی : جەباری . قادر کەرەم . زەنگەنە ، داودە . شێخان . بەشێک لە باجەڵان )) . لە مەقام بێژە بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە (( عەلی مەردان . ئەحمەد گاهەر . ڕەحمەتوڵڵا شەڵتاخ . عەباس عەلی چۆڵاخ . صڵاح داودە . حسەین عەلی . شوکور خەیات...,هتد . **شوکر خەیات** (( 1940 قەڵخانلوو )) .

لە وتەو باسەکانماندا هاتینە سەر ئەوەی کە ناوچەی گەرمیان پێش ئەوەی چەند بەستەیەکی گۆرانی بەناوبانگی هەبێ ، ناسراویشە بەچەند فۆرمێکی ڕیتم سەربەستی وەکو (( خۆرشیدی و قەتارو خاوکەر و ئەڵڵا وەیسی و ئای ئای )) ، کە زۆربەی زۆری گۆرانی بێژانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی باش ئەیچڕن ، لەوانەیشە هەندێکیان تەنها خولیای وتنی ئەم ئاوازە ڕیتم سەربەستانەبن و کەمتر ئاوازی بەستەیی بڵێن ، یەکەم فۆرم کە لێی دواین. فۆرمی (( **خورشیدی** )) .

**نۆتەکەی :**

**Xwrshidi**



**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی ناتوور . دۆ . رێبیمۆڵ . می . بەجوانکاریش پلە دەنگی فا ی بەر ئەکەوێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی هارمۆنی (( فا ماژۆر – عەجەم )) . کە ناز ناوی پەیژەی (( حیجازکار یان شاناز )) ی هەیە و فۆرمەکەی فۆرمی (( خورشیدی )) پێ ئەڵێن . کە لەو ناوچەیەدا بە مەقامی خورشیدی بەناوبانگە ، وەکوو کاک حەسەن گەرمیانی وتی ئەم فۆرمە زۆر وەختی لای ئێواران یان خۆرئاوابوون ئەوترێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**فۆرمی (( قەتار )) .**

**نۆتەکەی :**

## Qetar



**تێبینی :**

نوسینەوەی نۆتەی ئەم فۆرمانە لەبەر ئەوەی هەر لەنێوان ئەوپلە دەنگیانەداو بەوئەندازە دەنگیانە بەرزو نزم ئەکات ، پێویستە بۆ هەر گۆرانی بێژێک بەجۆرە ئەندازەیەک بینوسینەوە ، بۆیە من لێرەدا تەنهابایەخم بە ئەندازە دەنگیەکەو بەرزو نزمی پلە دەنگیەکانی داوە نەک کوت و مت شێوەی وتنەکەی .هەروەها لەناو کوردەواریدا واباو کە فۆرمی قەتارو خاوکەر یان قەتارو بەرزەقەتار بەیەکەوە ئەوترێن ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە دوو فۆرمی جیاوازن و دووسکێڵی جیاوازیش . وەکو کاک حەسەن گەرمیانی وتی : ئەم فۆرمە لە دوادانیشتنەکانی شەودا ئەوترێ و پاشان خاوکەر ئەچڕن و هەریەکە ئەڕواتە شوێنی نوستنی خۆی .

**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی سی ناتووری بەرئەکەوێ )) ، بەڵام بەپێی چێژی فۆرمەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) . کەپەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لەبەر ئەوەی پلەدەنگی سی ناتووری بەرئەکەوێ نازناوی بەیاتی عەجەم یان تاهیر وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



فۆرمی خاوکەر (( بەرزە قەتار )) .

نۆتەکەی :

## Xawker



تێبینی :

وەکوو ئەڵێن فۆرمی (( خاوکەر )) بەرزەقەتار . دوابەدوای فۆرمی قەتار دێت . بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کەئەودووفۆرمە وەکو پەیژەی مۆسیقای زۆر دورن لەیەک ، هیچ یاسایەکی گۆڕانکاری زانستی پەیژەی مۆسیقای نایان گرێتەوە ، بۆیە هەردەم ناتوانرێ کە فۆرمی قەتار وترا ، پاشان فۆرمی خاوکەر هات ، بگەڕێیتەوە بۆ فۆرمی قەتار ، کە بەداخەوە من زۆرم هەوڵدا کە ئەڕاستیەزانستیە لەگەڵ زۆربەی ئەو دوو فۆرم بێژانەدا پەیڕەو بکەم ' نەم توانی و هیچ کام لەوفۆرم بێژانە نەیان توانی ئەو داواکاریە زانستیە بهێننەدی . بۆیە من لەلای خۆمەوە وای بەباش ئەزانم وەک دووفۆرمی جیاواز کاریان لەگەڵدابکرێت . (( لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەمدا لەدوای یەکهاتنی یاسایی پەیژەمۆسیقایەکانی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمازانستیە ڕۆژئاواییەکە ئەخەمەپێش چاو )) .

سکێڵەکەی :



**فۆرمی (( ئەڵڵاوەیسی )) .**

**پەردەی یەکەم :**

**نۆتەکەی :**

## Alla weysi (1)



**سکێڵەکەی :**

**پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی ناتوور . دۆ . ڕێ )) . بەپێی چێژی فۆرمەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لەپەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) بەڵام لەبەر ئەوەی پلە دەنگی سی ناتوور ((کەپلەی حەوتەمی پەیژەکەیە )) بەرئەکەوێ جۆری ڕاستەکەی پەیژەی ڕاستی (( ماهوور )) .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**پەردەی دووەم .**

**نۆتەکەی :**

## Alla weysi 2



سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی پێشووە .

پەردەی سێیەم .

نۆتەکەی :

## Alla weysi 3



سکێڵەکەی :

بەپێی پلەدەنگیەکانی کە پلەی حەوتەمی لە چینە بڵندەکانا چارەکە پلەیەک نەوی ئەکرێ و ئەبێتە سیبیمۆڵ جیاوازی لەگەڵ پەیژەی پێشوودا هەر ئەوگۆڕانکارییە لاوەکییەیە کە پەیژەی ماهوور لە چینە نزمەکاندا پلەی حەوتەمی چارەکەپلەیەک بڵند ئەکرێ و لەچینە بڵندەکانا چارەکەپلەیەک نەوی دەکرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :



ئای ئای .

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە کە نازناوی بەیاتی هەیە ، کاک حەسەن گەرمیانی ووتی پەیژەی بەیاتی کوردە، بەڵام پەیژەی بەیاتی کورد (( کوردانیە )) ئەبێ پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی بکرێ تا ببێتە می بیمۆڵ ، بەڵام بەگوێ گرتنم لە گۆرانی بێژەکانی تر بۆم دەرکەوت کە بەیاتینەوایە لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند ئەکرێ نەک نەوی .

نموونەی سکێڵەکەی :






**سەڵاح ڕەوف**

**هۆلەندا**

www.salahraouf.com